حکومەتی هەرێم بەیاری دا مامەڵەی شەهیدانە لەگەڵ کەسوکاری قوربانیان بکات

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە دوای گیان لەدەستدانی چوار هاووڵاتی کورد لە خێپیشاندانەکانی (2ـی ئەیلولی 2023)، بەیاری دا مامەڵەی شەهیدانە لەگەڵ کەسوکاری قوربانیەکان بکات.

پێشوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: "مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، مامەڵەی شەهیدانە بە شەهیدانی ڕووداوەکانی 2ـی ئەیلولی شاری کەرکوک بکەن و هەموو هاوکارییەکی تەندروستی و چارەسەریش بە بریندارەکان ئاسان بکرێت".

جێی باسە، لە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو (2ـی ئەیلولی 2023)، لە گەڕەکی ڕەحیماوەی کەرکوک، کوردانی شارەکە لە دژی داخستنی ڕێگەی سەرەکی کەرکوک - هەولێر، خێپیشاندانیان ئەنجامدا و خێپیشاندانەکە گرژی تێکەوت و چوار هاووڵاتیی کورد بە فیشەکی هێزە ئەمنییەکان گیانیان لەدەستدا و دەیان خێپیشاندەری کوردیش بریندار کران.